

## له یادی ١٧ ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا

# کاتی ئەوە نەهاتووە داوای لێپێچینەوە بکەین..؟


**نامق هەورامی**

**namqhawramy@yahoo.com**


✿ له پاش کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە زۆرێک له میدیاکانی جیهان کەوتنە کێبرکێی زیاتری بەدەستهێنانی هەواڵ و وێنەی کارەساتەکە و بڵاوکردنەوەی له کەناڵە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندندا.

رای گشتی جیهانیش لەو دەمەدا دابەش بۆیە سەر سێ ئاراستەی جیاواز.

ئاراستەیەکیان بەو ئاقارەدا دەڕۆیشت کە رژێمی بەعس تاوانبار بکات بە بەکارهێنانی ئەو چەکە کوشندەیە، ئاراستەی دووەم کە بریتی بوون له دۆستانی رژێمی له ناوچوو ئەوانیش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە رژێمی ئێران بەو کارە هەستاوە یان ئەو هۆکارەی ئەوە بووە کە خەڵکی سڤیلی هەڵەبجە ببنە قوربانی ئەو چەکە قەدەغەکراوە.

هەرچی رژێمی بەعس و زۆرێک له وڵاتانی عەرەبی بوون پاساویان بۆ ئەو کردەوەیە دەهێنایەوە بە بیانووی ئەوەی خەڵکی ئەو شارە یاخی و ناپاکن.

ئاراستەی سێیەم کە زۆربەی ناوەندەکانی دەسەڵاتی گرتبویەوە له جیهاندا ئەمانە له ئاست رووداوەکەدا هەڵوێستیان نەنواند و گەورەیی کارەساتەکەیان کردە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان، ئیدی بەرژەوەندییەکانیان بازرگانی بن یان سیاسی، ئەوێ رۆژێ زۆربەی مرۆڤدۆستان لەوە سەرسام بوون بۆچ ئەو بێدەنگییە جیهانییە بەرامبەر بەو کارەساتە گەورەیە و قوربانییەکانی؟

ئەو رۆژەی لە کاتژمێر یانزەی سەرلەبەیانییەوە ژیان لەو شارەدا نەما، باڵندە و مرۆڤ و ئاژەڵەکان و هەموو شتێک لەوێدا ژەهراوی بوو، مرد.

خەڵکی هەڵەبجە لە جەنگێکی گەورەدا بوون لەگەڵ هەموو شتێکدا... هەوا...ئاو... خاک... دار... بەرد هەموو شتێک لە وشارەدا لە جەنگێکی دۆڕاودا لەگەڵ مردن و ژەهراوی بووندا دەستەو دامان چۆکیان دادا.

شار، شاخ، پێدەشت هەموو جێگایەک بو بە گۆڕستانێکی گەورە و هیچ فریادرەسێک نەبوو ببێتە سەرقەتاری پۆلی کوێر بووان.

کاردانەوەشیەتی بەسەر ئافرەتانەوە ئەوا دەگمەنە لە پاش کارەساتەکەوە ژنان لە منداڵێک زیاتریان لەبار نەچووبێت و رێژەی نەزۆکیش لە هەردوو رەگەزەکەدا بەتایبەت لە نێو ژناندا رێژەیەکی بەرچاوە، ئەمە وێڕای موداربوونی روخسار و لەشی زۆرێک لەکچان و ژنانی ئەو شارە.

(چنوور محەمەد) یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو شارە، لە ساڵی ١٩٨٨ دا (چنوور) تەمەنی ١٢ ساڵان دەبێت لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا مێرد دەکات، چەند ساڵێک دوای ئەوە کاتێک بەهۆی نەخۆشییەکەوە سەردانی پزیشک دەکات پێی

تاوان بۆ سەدام حوسێن و عەلی کیمیایی و سەرانی بەعس درێژ دەکرا، ئەمڕۆ پاش ئەو کارەساتە بە حەڤدە ساڵ دەپرسین ئایا (فرانس ڤان ئەنرات Frans Van A) ئەو بازرگانە گەورەیەی کە قاچاغی بە چەکی کیمیاییەوە دەکرد بۆ رژێمی لەناوچووی بەعس و لە سێ ساڵ پاش مەرگەساتەکەی هەڵەبجەوە واتە بەر لە ١٤ ساڵ لەمەوبەر تا رووخانی رژێمی سەدام لە سایەی بەعسدا پەنادرابوو لە بەغدا، چی لە تاوانباران کەمترە؟ (فرانس ڤان ئەنرات) بارزگان و قاچاخچییەکی هوڵەندییە و لە وڵاتی خۆیدا بە تۆمەتی



حەڤدەساڵ پاش ئەو کارەساتە، تا ئێستاش ئاسەواری ئەو چەکە هەڕەشە لەوانەش دەکات کە پاش ١٩٨٨/٣/١٦ لەدایک بوون و دەبن.

لە رووی دەروونی و تەندروستییەوە خەڵکی هەڵەبجە بوونەتە مرۆڤگەلێک کە ئەبستراکتن لە ماناکانی ژیان و پێکەنین و جوانپەرستی، خاڵین نازو نیعمەتی تەندروستی باش و روانین بە کامی دڵ و هەناسەدان پڕ بە پڕی سییەکانیان.

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی گشتی شاری هەڵەبجە تا ئێستا ئەوانەی لە رووداوکەدا لە شاردا بوون و ئێستا لە ژیاندا ماون ٩٠٪ یان دەناڵێنن بە دەست نەخۆشییەکانی هەوکردنی سییەکان و نەخۆشییەکانی چاوەوە، هەرچی

رادەگەیەنرێت هەردوو گورچیلەکەی تەواو سست بوون و لەوانەیە لە ماوەیەکی کەمدا لەکار بکەون، ئەوا لەماوەی حەوت ساڵدا زیاتر لە پێنج منداڵی لەبارچوون.

سێ ساڵ پێش پرۆسەی ئازادی عێراق چنوور لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری بەغدا گورچیلەیەکی بۆ دەچێندرێت.

لەوانەیە بە سەدان نموونەی لەو جۆرە لەو شارەدا هەبن و تا ئێستا بەم ئازارەوە گینگڵ دەدەن و مردن لەبەر دەروازەیماڵەکانیاندا چاوەڕوانیانە.

حەڤدەساڵ پاش ئەو کارەساتە و لەگەڵ زیاتر ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکاندا ناکرێت بە هەمان عەقڵییەت و بۆچوونی جارانەوە بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا کاتێک باسی (هەڵەبجە) دەکر تەنیا پەنجەی

بارزگانیکردن بە چەکی کیمیاوییەوە تاوانبارە و زیاتر لە چواردە ساڵ رژێمی لەناوچووی بەعس پەنایداوە تا کاتی رووخاندنی رژێمی بەعس و پاشان ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندە، لەکاتی گەڕانەوەیدا پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندە و ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (CHAK) دەکەونە سۆراغ و بەڵگە ئامادەکردن بۆ دادگا و سەرەنجام رۆژی ٢٠٠٤/٣/١٨ لە شاری (رۆتێردام) دادگایی بکرێت.

لە سەرەتاوە ئاماژەمان بەوەدا زۆرێک لە ناوەندی بڕیار بەدەست جیهان و زۆربەی وڵاتانی دنیا لەو کاتەدا لە ئاست ئەو کارەساتە جەرگبڕە دا بێدەنگیان هەڵبژارد لەو کاتەوە و تا بڵاوبوونەوەی ناوی ئەو وڵات و




کۆمپانیایانەی کە چەکی کۆکوژیان داوەتە عێراق، پرسیارێک ناخی زۆر کەسی دەهەژاند، دەبێت ئەو بەرژەوەندییە چەند گەورە بێت وا چاو لە کارەساتێکی لەو جۆرە بپۆشرێت؟ رەنگە لای زۆربەمان ئاسایی نەبێت کە ٢٠١ کۆمپانیای جیهانی لە ٢١ وڵاتدا هاوکاری رژێمیان کردبێت لە بەرنامەی چەکە کۆکوژەکانیدا **وەک لەم خشتەیەدا دیارە.**

راستە بەرژەوەندییەکان پاڵنەری ئەو بێدەنگییە بوون بەڵام کورد لەم قۆناغەدا دەکارێت چی بکات؟

ئەمڕۆ قۆناغێکی زێرینە بۆ کورد چونکە سەگ و قورسایی خەباتەکەی و ئەزموونی چەندین ساڵەی حوکمڕانی خۆی لە ناوچەکەدا کە نموونەیەکی گەشی دیوکراسییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە هاو کێشە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوەراست و پرۆسەی رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە و پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراقی و مەسەلەی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا و ئەو هەڕەشانەی رووبەڕووی سووریا دەبنەوە لە ئاکامی تیرۆرکردنی حەریریدا و جەختی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە لوبنان و چەندین مەسەلەی تر کە کورد دەکارێت لەو بارودۆخە سوود وەرگرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

هەرچی وابەستەشە بە مەسەلەی هەڵەبجەوە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کورد لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا سکاڵا لە دژی ئەو کۆمپانیایانە تۆمار بکات و داوای قەرەبووکردنەوە بکات.

کاتێک ناو و ژمارەی کۆمپانیا و وڵاتەکانیان دەخوێنینەوە تەزوویەک سەراپای لاشەمان دەهەژێنێ، تۆ بڵێی جیهان لە کارەساتی هەڵەبجەدا کۆ دەنگییەک و هاوهەڵوێستییەکی بەهێزی نەبووبێت؟

ئەمانە چەند پرسیارێکن لەوانەیە لە یادی بیست و حەو ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەدا وەڵامەکەیان دەسکەوێتەوە. ■

| | ناوی وڵات | ژمارەی Co |
|---|---|---|
| ١ | ئەڵمانیای فیدراڵ | ٨٢ |
| ٢ | بریتانیا | ١٧ |
| ٣ | نەمسا | ١٧ |
| ٤ | ئەمەریکا | ١٤ |
| ٥ | بەلجیکا | ١٣ |
| ٦ | فەرەنسا | ١٣ |
| ٧ | ئیتالیا | ١٢ |
| ٨ | سویسرا | ١١ |
| ٩ | ئەرژەنتین | ٥ |
| ١٠ | ئیسپانیا | ٣ |
| ١١ | نەوی | ٢ |

| | ناوی وڵات | ژمارەی Co |
|---|---|---|
| ١٢ | مۆناکۆ | ٢ |
| ١٣ | عێراق | ١ |
| ١٤ | بەرازیل | ١ |
| ١٥ | میسر | ١ |
| ١٦ | یۆنان | ١ |
| ١٧ | هیند | ١ |
| ١٨ | یابان | ١ |
| ١٩ | جێرسی | ١ |
| ٢٠ | پۆلۆنیا | ١ |
| ٢١ | سوید | ١ |
| | | |